# کێ کوشتنەکەی ئاشکرا کرد ؟

**کازیوە سالح**

ئەم چیرۆکە خەڵاتی یەکەمی فیستڤالی ( ئامیتا) ی پێ بەخشرا کە لە ئیتالیا ساز کرا

پەنجەرەی خانووە کەڵەگەتەکە، کەوتووەتە سەر ئەو شەقامە قەرەباڵغ و پڕژاوە ژاوەی کە بەلای راستیدا بازاڕێکی ئاساییە وەکو هەموو بازاڕەکانی جیهان، لای چەپیشی بازاڕێکی دوورو درێژی لەسەر دروست کراوە پێ ی دەڵێن بازاڕی ئەنتیکە فرۆشان، ڕیزی یەکەمی لای راست تەنها ژنان شتی تێدا دەفرۆشن، دیوی ئەو دیوی ژنانیش هەتا دەگاتەوە بەردەمی خانووە بەرزەکە جمەی دێت لە پیاوداو بە هەردوو رەگەز هەریەک بەشێوەیەک هاوار دەکەن، بەردی رەنگاوڕەنگی شوێنەوارەکان، ناسنامە، ، کتێب و فەرهەنگە دانسقەو کۆنەکان، عەینەکەکەی مەولەوی، سەبیلەکەی باپیرە، منال بەپێی تەمەنەکان نرخیان لەسەردانراوە، لەیەک ساڵەوە بۆ چوار لەسەر تیشێردەکەی نووسراوە ماڵی قاچاخ چیە، بۆ ژیان، لە چوارەوە بۆ دە سالڕ ماڵی بۆیاخە بۆ پارە، لە (دە) وە بۆ پانزە سالڕ لەسەری نووسراوە ماڵی سێکسە ئەم وەنەوشە، ژنەکانیش بەڕیز یەکی شەرواڵێکی پیاوانەیان لی هەڵکێشاوەو هەموو شتێکی ژنان دەفرۆشن، ستیان، ئەتەک، تاقمی دەمی داپیرە و هەندێکیشیان ئەو پارچە پەڕۆیە دەفرۆشن کە چەند ساڵە وەکو پەساپۆرتی شەرەف هەڵی گرتبوو، لەوی هەموو شتێک دەفرۆشرێت تەنانەت دەڵێن مشکێکەی یا شێخ و کەشێکەی مام عەزیزێ گەرەکی قەزازەکانیش بینراوە لەوی هەراج کراوە، ئەو شتانەش لێرەن هەموو ئەنتیکەن، تەنانەت هەوشاریش کە لە نیوان هەردوو بازارەکەدا دەوەستی بەشێوەیەکی ئەنتیکە شتەکان دەفرۆشێت، سندوقێکی نایلۆنی کراوەتە مل و لەسەر سندوقەکە نووسراوە دانەی بە دیناریک ودەپانزە میزڵدانی فووتێکراویش کە بە پەتێکی درێژ بەسترابوونەوە بەدەم گرتبوو وهەر منالێک ئەم دیمەنە سەر سوڕ هێنەرە دەبینی قاچی لێ دەکوتێ بە زەویدا هەتا بۆی نەکرِن ژیرنابێتەوە، بەوشێوەیەش ڕۆژانە زۆرترین ژمارەی میزڵدان دەفرۆشێت.

ئەم بازارە تەنها بەر پەنجەرەکەی نەگرتووە، بەڵکوو بەهەرچوار لای خانووەکەدا نەخشەی کێشاوەو ژاوەژاو بێزاری بازارەکە، ماڵەکەی کردووە بە مەملەکەتی نائارامی، بەتایبەت کە پاش سەرئێشەی بازارەکە لە پلیکانەکانەوە سەردەکەویت، بەرامبەرت ئەو ژوورە دەبینیت کە لە ناوەراستی ژوورەکەداو بەسەقفەکەوە چەترێک هەڵواسراوەو تەرمێکیش لە ژێریدا بێ هاودەم و چاودێر کەوتووە.

گەرچی ئەو راهاتووە بەو ژاوەژاو دیمەنە دلڕ تەزێنە، زۆربەی کات بەتەماشاکردنی سەرەوە دەباتە سەر، یان با بڵێم هاتووەتە ناو پەنجەرەکەو خەیاڵی هەڵواسراوە بەپەڵە هەورو گەڵاو دارو درەختەکانی دەورووبەریدا، وەکو ئەوەی بیەوی بەوە رابردووی بیربچێتەوە بەڵام کام رابردوو کە هەست بەوە دەکات خۆهەڵخەڵەتاندنە، هەموو دارو دیواروسروشت یادگارەکانی ئەویان هەڵگرتبێ، بەردەوامیش لە گەل گەواڵە هەورەکان دەباری و دوا هەنسکی هاوین بەفرمێسک دەرژێ کەس نازانی بروسکەو گەواڵە هەورو باران وچەتر، چ مەودایکی بەرفراوانیان لە ژیان و هزری ئەمدا گرتووە.

هەور دەناڵێنێ و ئەمیش بەدوایدا، باران دەباری ئەمیش دەگری.
بروسکە دەداو ئەم دەڵێ " کێ دەڵێ ئاسمانیش بۆ دووری زەوی ناگری. کە مرۆڤ لێی داگیرکردووە و خەریکە ئەوەندەی بەدەرەوە ناهێڵێ ئاسمان تیونویتی بشکی....... بۆ نا؟ مرۆڤ لە هەموو زیندەوەرێک زیاتر حەز بە داگیرکردن دەکات، هەتا شتێکیشمان لێ داگیر نەکەن بەخۆمان ناچینەوە بزانین داخۆ داگیرکارین یا نە، ......... نا ...... باوەڕناکەم ئەو کاتەش بپرسن، دەنا ئەو چەند ساڵەش باکیان دەبوو. لەوەی کە بەرامبەر من کردیان، جارێک دەهاتەوە بەبیریاندا، کە هەموو شتێک و ژیانی منیان زەوتکردووە، بردیانەوە بۆ نادیار .... . بۆ سەرەتا .... . ئاخر هەر هیچ نەبێ هێندەی هەشاریان پێ نەکرا. ها ؟ .... منیش لەخۆمەوە شتی هەلق و مەلەق ئەڵێم ئاخر کێ هێندەی هەوشاری پێکراوە، هەتا ئەوان بیکەن ؟ لەم کاتەدا وەکو ئەوەی زیاتر سۆزی جولابێ، بە چاوێکی پڕ لەدڵەراوکێ کەوتە چاودێری بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەبازاڕ دایە، یا هیچ نەبێ کەس ئازاری نادات، ئیتر هەر لە پەنجەرەکەوە دەیبینی سەلامەتەو زمانی لال و چاوی پڕ پرسیار، میزڵدانە رەنگاو رەنگەکانیشی بە بەرزی مەترێک لەسەروخۆیەوە وێنەی کریستاڵێکی سەری ساڵی دەهێنایە پێش چاو، بەناو خەڵکەکەدا دەسوڕێتەوە، ئەوانیش هەندێکی خۆیانی لێ لادەدەن و هەندێکیشیان بەسەرسامی و سۆزەوە لێی دەنواڕن، خێرا لەسەر پەتەکەی دەمیەوە، میزڵدانێک لێ ´دەکەنەوە ودینارێک دەخەنە سندوقەکەی ملییەوەو هەتا تێ´دەپەڕێ دووسێ جار ئاوڕی بۆ دەداتەوە، هەندێکی تریشیان بەبێزەوە سەیری دەکەن و مناڵەکەیان دەدەنە بەر چەپۆک و بەدەم پەلکێش کردنیەوە، سێ چوار جنێو بە خاوەنەکەی دەدەن. ئەویش بەدلڕشکاوی دەگەڕایەوە لای ئەو مندالانەی سەرسامی ببون و بەجووڵەو نمایشی جوان و سەرسوڕهێنەر زیاتر سەرسامی دەکردن و بەوشێوەیەش رۆژی بیست میزڵدان کەمتری نەدەفرۆشت "ئاخر خۆ هەر یەک لەو منداڵە ماندووانە رۆژی دە دینار پەیدا ناکەن، بەڵام ئەم بژێوی ماڵەکەی خراوەتە سەر و ئیتر بۆچی ماڵی باوکم هەمیشە سەر زەنشتم دەکەن و دەڵێن. تۆیەکی وەجاخ کوێر بەدیار چییەوە دانیشتووی، نەمناڵێکت هەیە بیکەیت بە بیانوو، نەمێردەکەشت ئەوەندەی سەروەت و سامان بۆ بەجێ هێشتووی بەئارامی پێی بژیت" ئاخر خۆ دڵسۆزی و هەوڵدانی هەوشار یارمەتی شەرمەزار دەکات، لەوانەشە لە ئاکارەکانی ئەوان تێ بگات بۆیە ئەوەندە خۆی ماندوو دەکات.
تەرمێک لە ژێر ئەو چەترەی لە ژووری بەرامبەر پلیکانەکاندا هەڵواسراوە کپ کەوتووە، تەرمێکە بۆگەن ناکات، تەنها بەچاو دەبینرێ، بەدەست ناگیری و لانابری، نانێژرێ و فرێ نادرێ، کۆن نابێ و لەبیر ناچێتەوە تەرمێکە تەنها خۆی لەو هەموو گۆرانکاریەی بەسەر سیماییدا دێت، چەترەکەش هەمیشە لەوێدایە، بەلام ئەو خۆی چەترەکە لانابات، چەترەکە لێدەکرێتەوەو فرێ دەدرێت، بەلام لاینابات، چونکە یادگارێکی تالڕ بە ئەو تەرمەکەوەی بەستووە، هەرچەندێکیش پێی دەڵێن تا چەند ساڵی تر ئەو چەترە تۆزگرتووە لەوێدا دەبێت، ئەویش دەڵێ "هەتا چەترێک دەبێت بۆ حەوانەوەو ئەو تەرمەش ماندوو دەبێ لەمانگرتن لەوێدا" هەرچەندە وا بەزەقی پرسیاریان لێ دەکرد، بەبچڕبچڕی ئەو ولامەکەشی دەداتەوە هەر جارەی خەیاڵی بەلای روداوێکدا دەڕویشت کە لەگەڵ ئەو تەرمەدا تۆماری کردووە، ئەو رۆژەشی بەتەواوی بیر

کەوتەوە کە باوکی هات بەشوێنیدا کە بەزۆر بردیەوە، لەبەر خۆشیەوە هەر دەیگوت ( بۆ ئێمە جوان نیە خۆت بە تەنها لە خانوویەکدا بیت و تەرمێکی نێرینەشی تێدا بێت منیش هەر دەپارامەوە دەیگووت : "ئەم خانووە شەش بێوەژن هەریەک بەکۆمەڵێ منداڵەوەی تێدایە ئیتر بۆچی جوان نیّیە، هەوشاریش زۆر یاریدەدەرمە ".

باوکم گووتی: ئەی دەردم دا لە خۆت و هەوشاریش، چیت لەم شەیتانەدا دۆزیوەتەوە وا هێندە هۆگری ئەم ماڵە بووە، ئاخر من دڵنیام ئەم شەیتان و دێوو جنۆکەیەو لەشێوەی ئەم جانەوەرەدا خۆی نیشان دەدات، دەنوارن سەیری کەن چۆن نیگامان تێ دەگرێ مۆرەمان لێ دەکات کەباسی دەکەین " کە باوکم منی بردەوە ئەویش دوامان کەوت.

ئەویش زانی لەگەلڕ کەسماندا سوودی نیّیە، بێ دەنگ بوو، بەلاّم لە ماڵەوە هەوشاری بەستەوە بەپەرژینی باخچەکەوە، کەچی بەیانی هەستاین، لەوێدا نەمابوو، بۆیە منیش خۆم پێ ڕانەگیرا لە گەلڕ هەمووو هەرەشەو چاووسورکردنەوەکانی باوکم بۆ زانینی نهێنی ئەو تەرمە و نەگەڕانەوەشم بەلاّم بێ سێ و دوو گەڕامەوە ماڵەکەی خۆم، بۆلای هەوشارو تەرمەکەی هاوەڵم.

دراوسێکەمان تا ئەو کاتە لە ووتنی گۆرانی غەمناکەکەی نەبووە گووتی : هەر کاتژمێر یانزەی شەو گەڕاوەتەوە لەوی شەوی زۆر نەکردوەتەوە، منیش وەکو خۆی هەمیشە خۆم هەر لە پەنجەرەکەوە کەوتمە پشکنینی بازاڕە جەنجاڵەکە. لە دوور ڕابینیم، ئەو میزڵدانانەی لەبەر ئەوەی ڕۆژی پێشو باوکمی بینیبو گەڕابوەو نەیفرۆشت بوو، مابوەوە، ئەوانەی بردبووە بازارو نیوەی فرۆشتبوو، چاوێکیشی هەر لە پەنجەرەکەبوو کەبینی من پەنجەرەکەم کردوە لەگەل تروسکەیەکی پرشادیدا، نمایش و سەمایەکی جوانی کرد، زیاتر کەوتە گورو زۆری پێ نەچوو ئەو چەند دانەی تریش کە مابوو فرۆشت و گەڕایەوە، منیش دە میزڵدانی ترم بۆ ئامادە کرد.

ئەویش پاش کات ژمێرێک ڕۆشتەوە، بەلاّم ئەو ڕۆژە بە ئاسودەیەکی زیاترەوە کاسبی نەکرد، وەکو ئەوەی لەو ڕۆژەوە بەتەواوی لە نرخی خۆی دڵنیا بوو بێت لەلای من، هەر چەندە خۆشی هەتا ئێستاش هەر یەک کاتژمێر لە ماڵەوە دەبێت دوو بارە دەگەڕێتەوە بەلای کارەکەیەوە، تەنانەت ڕۆژانی هەینیش ئەوەندە زوو دەچێت بۆ سەر قەبران، هەتا خەڵک لە خەو هەڵدەستێت ئەو دەگەڕێتەوە، ئاخر ئەو ئاکارەشی لەو ئەزموونەوە وەرگرتبوو، کە سەرەتاڕۆژێک لە کاتی ڕۆشتنی مندا ئەویش هات بۆ سەر قەبران، لەوی ئەو هەولڕو ماندووبوونەی ئەو دەیدیا بۆ ئەوەی میزڵدانێک لەسەر قەبرەکە جێگیر بکات دەخزاو دەکەوت هەڵدەستایەوەو جارێکی دی خەریک دەبوو، بەردی دەکرد بە ئاو، کەچی منالێ گەڕەک بەرد بارانی کردین، خۆ هەر خەریک بوو بە هۆی ئەوەوە سەریشم بشکێ، ئەوەندەیان بەرد پیا کێشاین ئەگەر خڕبوونەوەی خەڵک و سەرسامیان بە ئاکارەکانی هەوشار نەبوایە، منالەکانیان دوور خستەوە، ئەو ڕۆژە ئەویش دەبوو بەقوربانی، یان هیچ نەبێ ئەگەر من نەبوایە تەنانەت بۆ ئەویش دەیانگوت لە گەلڕ ژنێکدا گیراوە، بۆیە ئێستا بەیانیان ئەوەندە زوو دەڕوات منالان لە خەو هەڵئەسان بگەڕێنەوە،

تەرمێک لە ژوورەکەدا بێ خەم خۆر کەوتووە، چەترێک بەسەقفەکەی سەریەوە هەڵواسراوەو بەدیارییەوە شەو نخونی دەکات، تەرمێکی نادیار نەناسراو تەرمێک هەمیشە لەوێدایە، کەچی

تەرمی یەک کەسیش نییە، تەرمێک هەرگیز زیندوو نابێتەوە. کەچی هەمیشە لەگۆڕاندایە کەس لە نهێنی ئەو چەترو تەرمە تێ ناگات ئەو نەبێ، هەر بۆیە باوکی دەهری دەبوو :

- کچێ شێتم مەکە، من کە ماڵەکەی تۆ دەبینم دەڵێی لە جیهانێکی تردا دەژیم، نهێنی چەترو تەرم و هەوشار لەم ماڵە دا چین؟.

ئەویش دەیداتە دەست نیگایەکی تاساو هیچ ناڵێ، جا چ پێویست دەکات باوکی بزانێت، ئەو خۆی دەزانێ چ دەردێک ئالودەی کردووە، ئەوەتا دیسان بەر پەنجەرەکە بەرنادات و چاودێری هەوشار دەکات، نەوەک مناڵێک بەردێکی پیا ماڵی و ئازاری بدات، کالڕ بوونەوەی یادگارەکانی رابردووشی ئاسان نەبوو.

دێتەوە بیرم ئەو کاتەی لە نەخۆشخانەدا بە ئاگا هاتمەوە، باس هەر باسی هەوشار بوو، دەیانگوت لە بەیانیەوە هەتا عەسر من هۆشم هاتوەتەوە سەرخۆ، ئەو لە بەر دەرگای نەخۆشخانەکەدا لەگەل ترووسکەیەکی کزو لاوازدا، گریانێکی بە کولڕ گریابوو، ئەوەشی زیاتر خەڵکەکەی سەرسام کردبوو گریانەکەی بوو، بۆ یەکەم جار بوو ببینن سەگێک دەگری، بەلاّم لەلای من شتێکی نامۆ نەبوو، راستە پێشتر من نەمبینیوە سەگێک بگری، بەلاّم ئێمە کاتێک (مێجر) ئەم سەگەی بەدیاری بۆ هێنابین و گووتی "لە یەکێک لە لادێکاندا هێناومانە، کە زیندەوەری تێدا نەماوە جگە لەم سەگە، زیندەوەری تێدا نەمابوو، بەلاّم خوویەکی سەیری هەیە، هەمیشە کزە، کزییەکی سەیر کە بە ئاشکرا دیارە، بە هەموو توانا هەولڕ دەدەین ئولفەتمان پێوە بگری کەچی بێ سوودە، من وای بۆ دەچم ئەم سەگە دلّی بە بێگانە نەکرێتەوە بۆیە پێشکەشی تۆی دەکەم".

ئێمەش ناومان نا هەوشار، ئومێدیش شارەزایەکی باشی لە پەروەردەکردنی ئاژەڵدا هەبوو، بۆیە هەرپاش ماوەیەک ئەم هەوشارەی لێ دەرچوو، بەلاّم زۆر هۆگری ئومێد ببوو، بەڕادەیەک زۆر جار، وام هەست دەکرد ئیرەیم پێ دەبات و هەرچەندە گەر راست گۆ بم، منیش ئیرەیم لەو دەکرد، زۆر جاریش بە ئومێدم دەگوت. تۆ لە من زیاتر بایەخ بە هەوشار دەدەیت بەلاّم ئەو ڕۆژەی ئومێد تووشی نەخۆشی بوو، هێندە بەدەوروپشتیدا هات و سەری لە سنگی هەسووی و فرمێسکی بۆ ڕشت، بە خۆدا شکامەوەو ئیتر لەو ڕۆژەوە مافی ئەوەم دایە چەند، خزمەتی یەکتری بکەین. چونکە ئەو لە من بەکوڵتر بوو، هەتا ئومێدیش لە جێگادا هەستا و نانی خوارد ئەو مانی لەخواردن گرت و بەتەنیشتیەوە گریاو هەڵنەستا بچێتە دەرەوە، ئیدی لەو ڕۆژەوە بە فرمێسک و گریانی ڕاهاتبووین، بەلاّم دیارە هەرگیز گریانی بەکولّی وەکو ئەو ڕۆژەم نەدیبوو، ئاخر من بێ هۆش بوونەکەم، زانینی باقی کاراساتەکەی کردبووم، هەتا دوای خەڵکەکە پێیان گووتم، ئەگەر هەوشار نەببوایە کەس نەیەزانی ئەو کارەساتە بەسەر هاتووە.

ئەو ڕۆژە بە جۆرێکی دی و ئارەزوویەکی تر خۆم گۆرِیبوو، بەتایبەت کە بەیانیەکەی بەدەم نان خواردن و خۆگۆرینەوە، باسی هەموو شتە سەیرەکانی سێ سال پەیوەندی و ساڵێ هاوسەرایەتیمان کرد، بریار بوو ئەو ڕۆژە کۆمەڵێ شیرینی و دیاری بۆ یەکتری ئامادە بکەین، چونکە تەنها دوو ڕۆژی تر جەژنی ڕۆژی هاوسەرێتیمان بوو، بەدەم ئەو خەون و یادگارانەوە گەشتبووین بەسەر شەقامەکە لە ڕۆخی شەقامەکەدا و هەردووکمان لەژێر یەک چەتردا، باران

دەیکوتین و تەڕی دەکردین، هەرئەوەندە دەزانم لە شیرینترین یادەوەریدا زرمەیەک بە ئاگای هێنامەوە و ئومێدیش لە تەنیشتمەوە خەڵتانی خوێن بوو، کەوتە بەینی ئەو دیمەنە، منیش لەهۆش خۆم چووم، دواجار لە نەخۆشخانەدا خۆم بینیەوەو زانیم ئێمەش بووین بە یەکێک لە حکایەتە سەیرو سەمەرەکانی ئەو سەردەمە، ئەو حکایەتەی، کە ئێمە لەوەتەی لەو گوندەدا، بە ماموستا دامەزراوین دێینە سەر ئەو شەقامە ڕێگا دەوەستین بۆ ئوتومبیل، ئەو ڕۆژەش لەوێ دا بووین، کە دوو زەلامی ڕیشن سەر گردەکەی بەرامبەریان، گروەیان کردبوو لەسەر ئەوەی هەرکامیان دەستی لەویتر ڕاستربوو ئاسنی سەر چەترەکە دەپێکێ کە بەسەر ئێمەوەیە و خۆی کردوە بە قەڵغانی باران نەک فیشەک، بەڵام ئەوەبوو دەستەکان ئیفلیج بوون وتفەنگەکانیش کوێر، نامەردانە کاسەسەری ئومێدیان پێکا، هەوشاریش کە ئەو دیمەنە دەبینێت بەگریانێکەوە، کە تا چەندین سەدە نەوە بۆ نەوەی دەگێڕێتەوە، خۆی لە خوێن قوری دەوری ئومێد وەردابوو، ئیتر یەکسەر، رایکربوو هەتا قوتابخانەکەو بەدەم لێوی چاکەتەکەی بەڕێوەبەری گرتبوو، بەرەو لای کارەساتەکەدا رایکێشابوو ئەویش سەرەتا زۆری پێکێشابوو کە لە خۆی دوور بخاتەوە و جنێوی بە من و ئومێدیش دابوو کە شتی وا رادەگرین، ئەوە لە گەل داب نەریت و دیانەتی ئێمەدا ناگونجی، هەتا منالانی لێ وروژابوو، هەریەک بەجۆرێک ئازاریان دابوو خستبوویانە تروسکە تروسک، بەڕێوەبەر هەر چۆنێک بێت خۆی بە هەوشار پەلکییش دەکات و زەنگی چوونە ژورەوە لێ دەدات و بەو شێوەیە منداڵەکانی لێ دوور دەخاتەوە، لەو کاتەشدا ئەو قەیرە کچە چل ساڵەی کە بیست و دوو ساڵە وەکو ڕاهیبەیەک لە ژوورێکی دیوی ناوەوەی لای چەپی قوتابخانەکەدایەو ماوەی ئەو بیست و دوو ساڵەش کەس نەیبینووە وەلێ شتی زۆر ئەفسانە سەبارەت بەنان خواردن و گوزەرانی دەگێڕنەوە، دەڵێن ئەگەر گوێش بنێت بە دەرگاکەوە، نەگوێت لەتەقەیەک، سووسەیەک دەبێت، نەخۆشی هەرگیز دێتە دەرەوە، بەڵام بە چاودێری قوتابخانەکە گووتبووی بەڵی هەموو شەوێک پاش دوازدەی شەو، دەنگی ئەویش لەگەلڕ کۆمەڵی ژندا دەبیستم کەزکرێکی زۆر غەمناک دەکەن و ناویان ناوە گۆرانی نەمرەکە، بەڵام هەرگیز لەیەکێک لەشەوەکاندا، کەسێکم نەبینی لەو ژورە بێتە دەری.

بەڵام ئەو ڕۆژە هاتبوو دەری و بەڕێوەبەریش هەر ئەوە نەبوو لەتاو قژی سپی و سیما سپی و بەرگی سپی ئەو نەبووریتەوە، کە ئەو زوو فریا کەوتبوو، گووتبوو* دوا* ئەوسەگە بکەوە، تەرم بەڕێوەیە، دەستێکی هێنابوو بەچاوی بەڕێوەبەرداو ئیتر پاش ئەو چاوسڕینەوەیە بەدەستی ڕاهیبە سپێکە بینیبووی ئەو خوێنەی هەوشار خۆی تێدا گەوزاندووە، لێی دەبێتەوەو دەبێ بەهەڵم و لەسەروو بەرزای قوتابخانەکەوە دەبێت بە تەرمێکی نادیار، بەو شێوەیە هەوشار مەرگی ئومێدی ئاشکرا کردو هات بە هانای هەردوو لامانەوە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەمەی ئێستا بووە خوی هەمیشەی هەوشار ئەوەش چەترەکەی سەرمان بووکە ئاسنەکەی پێکرا، لەو رۆژەوە هەڵمواسیوە بەوێدا و لەو سەقفە نابیتەوە، بەردەوام لەژێریدا تەرمێکی دەبینرێت، هەر ڕۆژەی تەرمێکە جیاوازە، بەڵام لە هەموو ڕۆژێکی دووشمە مانگ و ساڵی مەرگیدا، دەبێ بەتەرمی ئومێد.

ئێستا ژووری چاوەڕوانیەکانی ئێمە ژووری تەرمەکانە، ئەو تەرمانەی هەرگیز نابرێتە بازاڕی ئەنتیکە فرۆشانەو هەراج ناکرێت.

تەرمێک ژوورەکەی بەرامبەری گرتووم، تەرمێکی بێ بۆن، بێ ڕەنگ نادیار، منیش لەپەنجەرەکەوە تەماشای بازاڕی ئەنتیکە فرۆشانە دەکەم و بەدواهەمین ڕۆژی هەفتەش دەڵێم، لەوسلڕ و تەلقینی ئەو تەرمە مەترسە، ئەو تەرمە بۆگەن ناکات، چونکە ئەوانەی تۆیان کرد بەفەجری خواوەندەکان و بکوژانی ئەو گەورەکانی هەمووومان بۆگەنن .... بۆگەن .... .

**تێبینی /لەمیزلدان فرۆشتنەکەی هەوشاردا سوودم لە هەواڵێکی ڕۆژنامەنووسی وەرگرتووە.**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت